NED DENG

## یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان




## راپۆرتێک لەبارەی:

# کێشەکانی بەڕێوبەرایەتی بازرگانی کەلوپەلی خۆراکی گەرمیان

Lorem ipsum

ئەیلولی 2025

## پێشەکی:

بەڕێوبەرایەتی بازرگانی و کەلوپەلی خۆراکی گەرمیان، سەربە وەزارەتی بازگانی و پیشەسازی بەڕێوبەرایەتی گشتی بازرگانیە، بەڕێوبەرایەتی دورستکراوی دانەوێڵەی بارێزگاکانی هەرێم بۆ دابەشکردنی ئارد، بەڕێوبەرایەتی بازرگانی کەلوپەلی خۆراکی پارێزگاکانی هەرێم بۆ دابەشکردنی کەلوپەلی خۆراک.
بەڕێوبەرایەتی بازرگانی و کەلوپەلی خۆراکی گەرمیان چوار بنکەی خۆراک لە خۆدەگرێت لە هەریەکە لە قەزاکانی (کەلار، دەربەندیخان و کفری) و ناحیەی رزگاریی.
ئەرکی ئەم بەڕێوبەرایەتییە چاودێری کردن و هاتنی خۆراک و دابەشکردنیەتی بەسەر بریکارەکانی خۆراکدا، لە ڕێگەی بریکارەکانی سەربەم بەڕێوبەرایەتیەوە ٣٣٧٢١٥ هاولاتی مافی وەرگرتنی بەشە خۆراکیان هەیە و خۆراک وەردەگرن.

# بەشی یەکەم: کێشەکانی بەڕێوبەرایەتی بازرگانی کەلوپەلی خۆراکی گەرمیان

## ١. کەمی فەرمانبەر

بەڕێوبەرایەتی کەلوپەلی خۆراکی گەرمیان سەرەڕای کێشەی کەمی فەرمانبەر ئەوەی کێشەکەی نەبونی فەرمانی بەری قولتر کردوتەوە خانەنشینبونی بەشێک لە فەرمانبەرانی بەڕێوبەرایەتیەکەیە.
نوریە عەبدولحەمید، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی بازرگانی و کەلوپەلی خۆراکی گەرمیان، دەڵێت: کێشەی سەرەکیمان نەبونی فەرمانبەرە، کەسمان بۆ رەوانە ناکرێت، ئەمساڵ چوار فەرمانبەرمان خانەشین کراوە و یەکێکیش کۆچی دوایی کردوە کە دەکاتە ٥ فەرمانبەر، دو فەرمانبەریشمان لە کەرکوک و خانەقینەوە دێن و ناتوانن بەبەردەوامی بێن دەوام بکەن.
دەشڵێت: سەرەڕای کەمی فەرمانبەر، ئیشوکارمان زۆرە، وەکو بەڕێوبەرایەتی خۆراک کاری سێ بەڕێوبەرایەتی دەکەین کە جگە لە خۆراک، بەشی دانەوێڵە و بەشی مالییە لە گەرمیاندا نیە، ئێمە ئەم سێ بەڕێوبەرایەتیە بەڕێوەدەبەین.
ئاماژەشی بەوەکرد: کۆی گشتی فەرمانبەرانمان بە بنکەی قەزاو ناحیەکانیشەوە ٢٠ فەرمانبەرە، پێویستمان بە شەش فەرمانبەرە بۆ بەڕێوبەرایەتی، هەریەکە لە دەربەندیخان ٢ فەرمانبەر و بۆ کفری فەرمانبەرێکمان پێویستە.
هاوکات غانم محەمەد، لێپرسراوی بنکەی خۆراکی کفری و سەرقەڵا، دەڵێت: ئەگەر دوای بە ئەلکترۆنیکردنی فۆرمی خۆراک مامەڵەی هاولاتیان بە ئێمە بسپێردرێت و کارەکانی زیادکردنی منال و هاوسەرگیریی تازە و گواستنەوەی خۆراک لە ڕێگەی بنکەکانەوە ئەنجام بدرێت، پێوسیتمان بە فەرمانبەری زیاترە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم کارانە، بەهۆی ئەوەی هەریەکە لە سەرقەڵا و کفری بەخۆی و ناحیەکانیەوە لە ئەستۆی ئێمەیە.

## ٠٢ خراپی کوالێتی خۆراک

هەندێک لە جۆری ئەو بەشە خۆراکەی بۆ هاوڵاتیان دەنێردرێت، بۆ هۆی خراپی و تێکچونی، بەشیاوی خواردنی نازانن و بە ناچاریی دەیفرۆشن.
مەحمود حسێن، بریکاری خۆراک لە کەلار، دەڵێت: هەندێکجار ئەو بەشە برنجەی بۆمان دێت بۆنی دێت، هاوڵاتی بەهۆی ئەوەی بەکەڵکی خواردنی نایەت ناچارە بە برە پارەیەکی کەم ئەیفرۆشێت، خەڵک دەڵێت نەیەت لەوە باشترە خۆراکی خراپ بنێرن.
هاوکات عەلی محەمەد، بریکاری خۆراک لە ناحیەی سەرقەڵا، دەڵێت: لە بەشە خۆراکی مانگانەدا ئەو برنج و تۆکەی بۆمان هاتوە ئەسپێ تێیداوە، خەڵک ئەڵێن بۆچیمانە ئەسپێ تێداوە؟
لە بەرامبەردا نوریە عەبدولحەمید، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی بازرگانی و کەلوپەلی خۆراک، پشتڕاستی قسەی بریکارەکانی خۆراک دەکاتەوە و دەڵێت: بەشە برنجی مانگی ٢ کە بۆ هاوڵاتیان هاتوە، بۆنی هاتوە، لە چەند شوێنێک نمونەمان وەرگرت هێنامان بۆ ئەوەی پشکنینی بۆ بکەین، نەڕۆشتە پشکنینەوە و بەبێ ئەنجامدانی پشکنین بۆنی دەهات.
دەشڵێت: لە ڕێگەی نوسراوەوە سلێمانیمان لێ ئاگەدار کردوەتەوە، بەڵام ئەوان پێیان وتوین بۆتان نییە نوسراو بکەن لەبەر ئەوەی دە ڕۆژ بەسەر هاتنی ئەو بەشە خۆراکەدا تێپەڕیوە.
ئاماژەی بەوەشکرد: بەهۆی ئەوەی وەکو خۆراکی گەرمیان کۆگامان نیە، ڕاستەوخۆ خۆراکمان بۆنایەت، ناتوانین قسە لەگەڵ بەغداد بکەین و لێمان وەرناگرنەوە.
وتیشی: بریکارەکانی خۆراکیش کەمتەرخەمن لەو بارەوە کە ڕێنماییان پێدراوە لە ماوەی ٢ ڕۆژدا ئاگەدارمان بکەنەوە لە خراپبونی بەشە خۆراکی هاتو، چونکە دوای تێپەڕینی ئەو کاتە سلێمانی دەڵێت ئێمە لێی بەرپرس نین.
«ئەو خۆراکەی بۆنی بێت و ئەسپێ لێیدابێت، سەروی خۆمانی لێ ئاگەدار دەکەمەوە، ئەوان ئەڵێن بۆتان دەگۆڕینەوە، بەڵام گەرەنتی نیە کە ناردتەوە دوبارە بۆت بنێرنەوە، هەربۆیە هەرچیم بۆ بێت دابەشی دەکەم». جەلال سەمین، بریکاری خۆراک لە کەلار، وای وت.
جگە لە خراپی کەرەستەکانی خۆراک جۆری ئەو ئاردەی بە هاوڵاتیان دەدرێت بەهەمانشێوە خراپە، بریکارێکی دابەشکردنی ئارد دەڵێت: هاوڵاتیان ناڕازین لە جۆری ئەو ئاردەی پێیان دەدرێت.
مەریوان محەمەد، بریکاری دابەشکردنی ئارد لە کەلار، دەڵێت: مانگانە بەزۆریی ئەو ئاردەی بۆمان دێت جۆری خراپە و خەڵک لێی ڕازی نیە، چونکە بەکەڵکی ئەوەنایەت بۆ خواردن بەکاربهێنرێت، کەم ژن دەتوانێت نانی لێ بکات ئەگینا بەگشتی نانی لێ ناکرێت.
دەشڵێت: هاوڵاتیان یان دەیفرۆشن یان دەبێت لەگەڵ جۆرێکی دیکەی ئاردی باشدا تێکەڵاوی بکەن بۆ ئەوەی نانی لێ بکرێت، هەندێکیش بۆ ئاژەڵ بەکاریدەهێنن.
هێمای بۆ ئەوەشکرد: بەهۆی زۆری ڕێژەی کەپەکەوە، فەردەیەک ئاردی ٥٠ کیلۆیی، دوای بێژانەوەی ٢٠ بۆ ٢٥ کیلۆ ئاردی لێ دەمێنێتەوە.
لە بەرامبەردا نوریە عەبدولحەمید، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی بازرگانی و کەلوپەلی خۆراکی گەرمیان، دەڵێت: جۆری ئەو ئاردەی کە دێت ئاردی شارەزورە کەپەکی زۆرە و ڕای نیە، ئەگەر بە هێڵەکی سفر بێژرێتەوە ٢٠ کیلۆی دەبێت بە کەپەک.
دەشڵێت: لە ڕێگەی نوسراو و ڕاپۆرت و کۆکردنەوەی واژۆی بریکارەکانی ئاردەوە داوای گۆڕینی جۆری ئاردەکەمان کردوە، بەڵێنیان پێداوین بۆمان بگۆڕن.



دیمەنی تێکچون و خراپبونی برنجی بەشە خۆراکی مانگانە

## ٣. نەبونی کۆگا و دواکەوتنی خۆراک

نەبونی کۆگا گرفتی بۆ بەڕێوبەرایەتی کەلوپەلی خۆراک دروستکردوە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی ئەو خۆراکەی لە بەغدادەوە دێت دەبێت پاش چونە کۆگاکانی سلێمانی بگەڕێنرێتەوە بۆ گەرمیان و دابەشی سەر بریکارەکانی خۆراک بکرێت.

لەمبارەیەوە، نوریە عەبدولحەمید، بەرێوبەری بەڕێوبەرایەتی بازرگانی و کەلوپەلی خۆراکی گەرمیان، دەڵێت: نەبونی کۆگا کێشەی گەورەی بۆ دروستکردوین، ئەو بەشە خۆاکەی کەدێت پێکەوە نایەت و پچرپچر دێت و کەرەستەکانی خۆراک دوادەکەون، بۆ ئەوەی بەشە خۆراکی گەرمیان نەبرێت بۆ سلێمانی و لە ئەوێوە بۆمان بێت، داوامان کردوە ئەو کۆگایەی سایلۆی گەرمیان کە بەشێوەیەکی مۆدێرن بۆ خۆراک دروست کراوە، پێمان بدرێت.

دەشڵێت: ئەو خۆراکەی لە بەغدادەوە دێت لێرەوە دابەشی سەر بریکارەکان بکرێت کارئاسانی ترە بۆ کرێکار و تێچوەیەکی کەمتری هەیە، بەڵام تا کۆتاییساڵی ٢٠٢٥ گرێبەست کراوە لە سلێمانیەوە خۆراک بۆ گەرمیان بێت، ڕەزامەندی بەغدادمان نیە بۆ ئەوەی خۆراک راستەوخۆ بێت بۆ گەرمیان و نەبرێت بۆ سلێمانی.

دواکەوتنی کەرەستەکانی خۆراک و بەیەکەوەنەهاتنی پێکەوە، کێشەی بۆ بریکارەکانی خۆراک دروست کردوە، ئەوان دەڵێن بەشە خۆراک هەیە هەفتەیەک نێوانیەتی دوای هاتنی بەشە خۆراکێکی تر.

مەریوان محەمەد، بریکاری خۆراک لە ناحیەی رزگاریی، دەڵێت: ئەگەر بەشە خۆراکی مانگێک شەش کەرەستە بێت بە ٦ جار دێت، زۆربەی مانگەکان بەمشێوەیە دێت، ئەمەش کێشەی بۆ دروستکردوین و هاوڵاتی لە بری ئەوەی بەیەکجار بەشە خۆراکەکەی وەر بگرێت دەبێت بە چەند جارێک وەریبگرێت.

دەشڵێت: هاوڵاتیش هەیە بە هۆی دواکەتنی خۆراکەوە نایەت و چاوەڕێ دەکات هەموی بێت ئەوکات وەریبگرێت، ئەمەش زۆر دەخایەنێت کە دەگاتە مانگێک زیاتر.

هاوکات جەلال سەمین، بریکاری خۆراک لە کەلار، دەڵێت: دەبێت بە بەردوامی چاوەڕێی هاتنی بەشەخۆراک بکەین، هەندێک جار مانگێک چاوەرێی هاتنی کەرەستەیەکی خۆراکین کەچی نایەت، بەشەخۆراک بە رێکوپێکی نایەت پێکەوە بەیەکجار، ئەمەش گرفتی بۆ ئێمە دروست کردوە و ئەمانبەستێتەوە بەدیاریەوە.

## ٤. فەوتانی بەشە خۆراک

فەوتان و نەهاتنی هەندێک لە بەشەکانی خۆراک، یەکێکی دیکە یە لەو گرفتانەی هاوڵاتیان و بریکارەکانی خۆراک باسی لێوەدەکەن، بەشێوەیەک مانگانە هەمو بەشەکانی خۆراک نایەت.

ئاوات محەمەد، هاوڵاتی دەڵێت: هەندێک لە بەشەکانی خۆراک بۆ خەڵک پێویستە و بەکارهێنەریەتی، کەچی هەمو مانگێک نایەت، هەندێک بەشەخۆراکیش دەدرێت شتی زەرور نییە ، کەموکورتی زۆرە لەو خۆراکەی بۆمان ئەنێرن.

هاوکات مەحمود حسێن، بریکاری خۆراک لە کەلار، دەڵێت: هەمو کەرەستەکانی خۆراک بەبەردەوامی هەمو مانگێک نایەت، هەندێک لەو کەرەستانەی کە نایەت قەرەبو ناکرێتەوە، هاوڵاتی سەردانمان دەکات پرسیاری ئەو بەشەخۆراکانە دەکات کە پێویستی پێیەتی دەڵێن بۆ نەهاتوە.

دەشڵێت: لەمساڵدا بەشێکی زۆری زەیت فەوتاوە و نەهاتوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی جیاوازییەکی زۆر دەبینین دەکرێت لە نێوان ئەو بەشە خۆراکەی بۆ کوردستان دەنێردرێت بە بەراورد بەو خۆراکەی بەعێراق دەدرێت، ئەوان هەندێک کەرەستەی خۆراک وەردەگرن لە کوردستان نادرێت و نییە.

«هیچ ساڵێک ئەو بەشە خۆراکەی دێت بە تەواوی نە نێردراوە، لە ماوەی ئەمساڵدا سێ مانگە زەیت نەهاتوە، ئێستا کە مانگی نۆیە، مەوادی مانگی شەش هاتوە». غانم محەمەد، لێپرسراوی بنکەی خۆراکی کفری و سەرقەڵا، وای وت.

لە بەرامبەریشدا نوریە عەبدولحەمید، بەرێوبەری بەڕێوبەرایەتی بازرگانی و کەلوپەلی خۆراکی گەرمیان، دەڵێت: کێشەی نەهاتن و فەوتانی هەندێک لە بەشەکانی خۆراک، پەیوەندی بە بەغدادەوە هەیە، ئێمە هۆکارەکەی نازانین.

## ٥. کێشەکانی فۆرمی ئەلکترۆنی

پاش ئەوەی پرۆسەی بە ئەلیکترۆنی کردنی فۆرمی خۆراکی هاوڵاتیان لە هەرێمی کوردستان لە ٣ـی حوزەیران دەستیپێکرد، چەندین کێشەی جیاواز بۆ هاوڵاتیان لە پرکردنەوەیدا دروست بو. نوریە عەبدولحەمید، بەرێوبەری بەڕێوبەرایەتی بازرگانی و کەلوپەلی خۆراکی گەرمیان دەڵێت: لە پرکردنەوەی فۆرمی ئەلیکترۆنیدا چەندان کێشە بۆ هاوڵاتیان دروستبوە کە خۆی دەبینێتەوە لە: (ئەنجامدانی نەشتەگەری جوانکاریی، کێشەی مۆبایل بە هۆی یاری پێکردنەوە، ئەوانەی نەخۆشی ئۆتیزم و شەلەل دەماغیان هەیە، کەسانی تەمەن سەرو ٧٥ ساڵ، هاوسەرانی جیابوەوە و تازە هاوسەرەکان).

سۆزان محەمەد، هاوڵاتی، دەڵێت: کچەکەم بەهۆی ئەنجامدانی نەشتەگەری جوانکارییەوە روخساری زۆر گۆڕاوە، دوای چەندینجار هەوڵدان لە فۆرمە ئەلیکترۆنیەکەدا روخساری نەخوێندرایەوە، بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە سەردانی بەڕێوبەرایەتی خۆراکمان کرد.

هاوکای ئاشتی جەلال، هاوڵاتی، دەڵێت: هاوسەرەکەم خۆی و منالەکانی تۆمارکردوە لە فۆرمە ئەلیکترۆنیەکەدا، بەهۆی جیابونەوەمانەوە منی لە فۆرمەکدا سڕیوەتەوە، هەوڵمدا بە ئەلیکترۆنی خۆم تۆماربکەم، بەڵام بەهۆی ئەوەی کۆدی فۆرمەکە هاوسەرم بەکاریهێناوە نەمتوانی چونەوە ژورەوە بکەم، بۆیە سەردانی بەڕێوبەرایەتی خۆراکم کرد لە رێگەی ئەوانەوە خۆم تۆمارکرد.

لە بەرامبەردا نوریە عەبدولحەمید، بەرێوبەری بەڕێوبەرایەتی بازرگانی و کەلوپەلی خۆراک وتی: یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانمان لە فۆرمی ئەلکترۆنی کێشەی هاوسەرانی جیابوەوەیە، بەڵام لە فۆرمەکەدا ناویان پێکەوەیە، هەریەکێکیان فۆرمەکەی پڕکردبێتەوەی ئەوی دیکەی بلۆک کردوە، بۆچارەسەری ئەم گرفتەش لەڕێگەی سەردانی کردنی ئێمەوە فۆرمی دەستییان بۆ پڕکراوەتەوە.

وتیشی: بەهەڵە تۆمارکردن یەکێکی دیکەیە لەو کێشانەی لەلایەن هاوڵاتیانەوە لە فۆرمی ئەلیکترۆنیدا کراوە، ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی کە سفریان بۆ هاتوەتەوە.

ئاماژەشی بەوەکرد: لەبەر ئەوەی لەساڵی ٢٠٢٢ـەوە فۆرم راگیراوە بەهۆی بە ئەلیکترۆنی کردنیەوە، لەم قۆناغەی ئێستادا تەنها خۆتۆمارکردن ئەنجام دەدرێت و هیچ زیادکردنێکی تیادا نییە.

سەبارەت بە زیادکردنی منالّ لە فۆرمەکەدا هێمای بۆ ئەوەکرد: بە کاراکردنەوەی فۆرمەکە ئەم کێشەیە چارەسەر دەبێت ئەو منالانەی ناویان نەبوە یان کارتی نیشتمانیان نەبوە دەتوانرێت تۆماربکرێت، مەرجە بۆ خۆتۆمارکردن هاوڵاتی کارتی نیشتمانی هەبێت.

«٨٧٪ هاوڵاتیان بەشداربون لە پرکردنەوەی فۆرمی ئەلیکترۆنی خۆراک ١٣٪ بەشدار نەبوە، ئەم رێژەیە گۆرانی بەسەردا دێت بە جارێکی دیکە کاراکردنەوەی فۆرمی ئەلیکترۆنی، لە بەر ئەوەی هەندێک لە خەڵکی ناسنامەکەی نەگۆڕیوە بە کارتی نیشتمانی».

نوریە عەبدولحەمید، بەرێوبەری بەڕێوبەرایەتی بازرگانی و کەلوپەلی خۆراکی گەرمیان، وای وت.



## ٦. نەگونجاویی دوکانەکانی دابەشکردنی خۆراک

ئەو مەرج و ڕێنماییانەی بۆ دوکانەکانی دابەشکردنی خۆراک دانراون، ڕەچاو ناکرێن لەلایەن هەندێک لە بریکارەکانی خۆراکەوە، بەڕێوبەری خۆراکی گەرمیانیش دەڵێت: دوکان هەیە هیچ گونجاو نیە خۆراکی تیادا دابنرێت.

نوریە عەبدولحەمید، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی بازرگانی و کەلوپەلی خۆراکی گەرمیان، دەڵێت: چەند مەرجێک بۆ دوکانەکانی دابەشکردنی خۆراک دانراوە کە دەبێت پاک بێت، خۆراک لە زەویدا دانەنرێت، فێنککەرەوە و هەوا گۆرکێی تیادابێت، هەتاو لێیبدات، شێی نەبێت، کارەبای مۆلیدەی هەبێت و دیوارەکانی درزی نەبێت.

دەشڵێت: هەندێک لە دوکانەکان ڕەچاوی هیچ یەکێک لەو ڕێنماییانە ناکەن کە بۆیان دانراوە، نەشیاون و گونجاو نین خۆراکیان تیادا بێت، دو مانگ مۆڵەتمان پێداون بۆ گۆڕینی دوکانەکانیان.

ئاماژەی بەوەشکرد: پاش ئەو دو مانگەی بۆیان دانراوە بەردەوام بون لە سەرپێچی، ئێمە لیژنەی چاودێریی ئاگەدار دەکەینەوە لە بارەی نەگونجاویی دوکانەکانەوە، ئەوان ئاسایش و تەندروستیان لەگەڵە و ئەتوانن دایبخەن.

هاوکات غانم محەمەد، لێپرساوی بنکەی خۆراکی کفری و سەرقەڵا، دەڵێت: بریکارەکانی خۆراک بیانویان زۆرە بۆ جێبەجێ نەکردنی ئەو ڕێنماییانەی کە دەبێت ڕەچاوی بکەن، بریکارەکان دەڵێن شتێکی ئەوتۆمان بۆ نامێنێتەوە لەم کارەی دەیکەین.

دەشڵێت: جگە لەو ماوەی وەکو مۆڵەت پێمانداون بۆ جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان، ئاگەدارم کردونەتوە بە هاتنی لیژنەیەکی لە ناکاو لە بەغدادەوە بە هۆی سەرپێچی بریکارەکان لەو ڕێنماییانەی بۆیان دانراوە، کە ڕەنگە ئێمەش سزابدەن لە گەڵ ئەوان.

خۆراکی دەربەندیخان دەسەڵاتی چاودێری کردنی دوکانی بریکارەکانی خۆراکی نیە.

ئەنوەر محەمەد، لێپرساوی خۆراکی دەربەندیخان، دەڵێت: بەهۆی ئەوەی خۆراکی دەربەندیخان بنکە نییە، دەسەڵاتی ئەوەمان نیە خۆمان سەردانی بریکارەکانی خۆراک بکەین و ناشتوانین ئیجرائاتیان بەرامبەر بکەین.

دەشڵێت: مانگانە لە ڕێگەی یاداشتەوە بە قایمقامی دەربەندیخان داوادەکەم لە ڕێگەی لیژنەکانیانەوە سەردانی دوکانی بریکارەکانی خۆراک بکەن، بۆ دڵنیابونەوە لە ڕەچاوکردنی ڕێنماییەکان و شیاوییان بۆ هەڵگرتنی خۆراک.

## ٧. بە بنکە نەبونی خۆراکی دەربەندیخان

ئەگەرچی دەرەبندیخان سەر بە ئیدارەی گەرمیان نییە، بەڵام کاروباری بەشە خۆراکی لەسەر بەڕێوبەرایەتییەکەی گەرمیانە.

بە بنکە نەبونی خۆراکی دەربەندیخان کێشەی دەسەڵاتی بۆ کارەکانیان دروستکردوە، لێپرساوی خۆراکی قەزاکەش دەڵێت: تاکە قەزایە چوار ناحیەی لەسەرەو تائێستا نەکراوە بە بنکە.

ئەنوەر محەمەد، لێپرساوی خۆراکی دەربەندیخان، دەڵێت: دەبێت ئێمەش لە لیژنەکانی چاودێری بازرگانیدا بین، بەهۆی ئەوەی کە بنکە نین دەسەڵاتی ئەوەمان نیە سەردانی نانەوایەک بکەین لێی بپرسین کێشی گونکەکەی چەندە، هەرچەندە مۆڵەتی نانەواکان سەربە بازرگانیە.

دەشڵێت: کێشە و گرفتی خۆراکی ئەم قەزایە لەوەدایە سەرەڕای ئەوەی هەریەکە لە ناحیەکانی (قۆرەتو، مەیدان، باوەخۆشێن و پێباز)ی لەسەرە و تاکە قەزایە بە چوار ناحیەوە نەکراوە بەبنکە.

ئاماژە بەوەشدەکات: بە مەبەستی بە بنکەکردنی خۆراکی قەزاکە لە ساڵی ٢٠٢٣ەوە داواکارم بەرزکردوەتەوە لە ڕێگەی ئیدارەی گەرمیانەوە، بەڕێوبەرایەتی خۆراکی گەرمیانیش نوسراویان کردوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران تائێستا نوسراوەکە لە ئەنجومەنی وەزیرانە و فەرمانی بە بنکەبونی بۆ دەرنەچوە، لە روی فەرمییەوە خۆراکی دەربەندیخان ناکرێت بە هیچ ناوێک ناو ببرێت.

لە بەرامبەردا نوریە عەبدولحەمید، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی بازرگانی و کەلوپەلی خۆراکی گەرمیان، دەڵێت: دەربەندیخان لەڕوی ئیداریەوە سەربە پارێزگای سلێمانیە خۆراکی سەربە گەرمیانە، ڕەچاوی مەودای دوریی کراوە کە لە کەلارەوە نزیکە، بۆیە خۆراکی سەر بە ئێمەیە.

دەشڵێت: لە ڕێگەی بەڕێوبەرایەتی گشتیمانەوە هەوڵی بە بنکەکردنی خۆراکی دەربەندیخان دەدرێت، چەند ناحیەیەکی لەسەرە و کۆدی تایبەت بەخۆی هەیە، هەروەها لە لایەن بەغدادەوە دانپێدانراوە.

ئاماژەی بەوەشکرد: لەبەر ئەوەی قەزای دەربەندیخان لە روی ئیدارییەوە سەربە پارێزگای سلێمانیە و خۆراکی سەر بە گەرمیانە، ئەمە کاریگەری هەیە لە سەر بە بنکە نەبونی، تائێستا لەبەر ئەوە لەم نێوانەدا ماوەتەوە و مشتومری لەسەرە.

## بەشی دووەم: دەرەنجام و راسپاردەکان

### یەکەم: دەرەنجام

١. کەمی فەرمانبەر:
بەڕێوبەرایەتییەکە بەدەست کەمی فەرمانبەرەوە دەناڵێنێت، خانەنشینبونی فەرمانبەران کێشەکەی قوڵتر کردۆتەوە، لەکاتێکدا بەڕێوبەرایەتییەکە کاری سێ بەڕێوبەرایەتی دەکات (خۆراک، دانەوێڵە، دارایی)، کە ئەمەش باری سەر شانی قورس کردون.

٢. نەبونی کۆگا و دواکەوتنی خۆراک:
کۆگایەکی تایبەت بە خۆراک لە گەرمیان نییە، بەشە خۆراکەکان دەبرێنە سلێمانی و لەوێوە دەهێنرێنەوە گەرمیان، کە کات و تێچوی زیاتری هەیە. هەروەها بەشە خۆراکەکان پچڕ پچڕ دەگەن و بە یەکجار نایەن، کە کێشە بۆ بریکارەکان و هاوڵاتیان دروست دەکات.

٣. خراپی کوالیتی خۆراک:
هەندێک لە خۆراکەکان وەکو برنج و نۆک خراپن، بۆنیان هەیە یان ئەسپێیان تێدایە و هاوڵاتیان بەکاریان ناهێنن یان بە ناچاری دەیانفرۆشن. هەروەک ئەو ئاردەی دابەش دەکرێت کوالێتییەکی خراپی هەیە و رێژەی کەپەکی زۆرە کە وا دەکات بەکەڵکی خواردن نەیەت.
ئەوەی لەم نێوەندەدا کێشەیە، ئەوەیە بەڕێوبەرایەتییەکە ناتوانێت راستەوخۆ لەگەڵ بەغداد قسە بکات سەبارەت بە کێشەی کوالێتی خۆراک.

٤. فەوتانی بەشە خۆراک و جیاوازیی:
هەندێک لە بەشە خۆراکەکان وەکو زەیت بە گەرمیان ناگەن و فەوتاون، بەغدادیش هۆکاری فەوتانەکەی رون ناکاتەوە. ئەمە سەرباری ئەوەی جیاوازییەک هەیە لە جۆری خۆراکەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ناوەڕاستی عێراق، بەشێوەیەک هەندێک کەرەستە لە ناوەڕاستی عێراق دابەش دەکرێت و لە هەرێم نا.

٥. کێشەکانی فۆرمی ئەلیکترۆنی:
کێشەی زۆر بۆ هاوڵاتیان دروست بوە لە پڕکردنەوەی فۆرمی ئەلیکترۆنی، لەوانەش بەهۆی: (نەشتەرگەری جوانکاری، کێشەی مۆبایل، نەخۆشانی ئۆتیزم، بەساڵاچوان، جیابونەوەی هاوسەرەکان).
زۆربەی کێشەکان پێویستیان بە سەردانکردنی بەڕێوبەرایەتییەکە هەیە بۆ چارەسەرکردن، ئەمە سەرباری ئەوەی هێشتا بەشێکی بەرچاو لە هاوڵاتیان فۆرمەکەیان پڕ نەکردوەتەوە.

٦. نەگونجاویی دوکانەکانی دابەشکردنی خۆراک:
زۆربەی دوکانەکانی بریکارەکانی خۆراک، مەرج و رێنماییە تەندروستییەکان و گونجاویی بۆ هەڵگرتنی خۆراک رەچاو ناکەن. بۆ چارەسەری ئەمەش، بەڕێوبەرایەتییەکە مۆڵەتی دو مانگی داوە بە بریکارەکان.

٧. بە بنکە نەبونی خۆراکی دەربەندیخان:
دەربەندیخان سەرەڕای ئەوەی چەند ناحیەیەکی لەسەرە، بەڵام هێشتا نەکراوەتە بنکەیەکی سەربەخۆ، ئەمەش دەسەڵات و کارەکانی سنوردار کردوە. هەروەها وایشیکردوە کە دەسەڵاتی چاودێریکردنی راستەوخۆی دوکانی بریکارەکانی خۆراکی نییە.

* ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:
١. زریان محەمەد
٢. پەرژین کامەران

بۆ پەیوەندی
٠٧٧٠١٩٢٣٦٦٢ - ٠٧٧٤٠٨٧٨١٥٣
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodeng.net

## دووەم: ڕاسپاردەکان

١. بۆ کێشەی کەمی فەرمانبەر:
* داواکاری خێرا ئاراستەی وەزارەتی پەیوەندیدار بکرێت بۆ دامەزراندنی فەرمانبەری نوێ یان گواستنەوەی فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی دیکەوە بۆ پڕکردنەوەی کەمییەکە، بەتایبەتی بۆ بنکەکانی قەزا و ناحیەکان.
* تیمی گەڕۆکی کاتی پێکبهێنرێت لەو گەنجانەی خاوەن بڕوانامەن و بێکارن، بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا و وەرزی قەرەباڵغیدا یارمەتی بەڕێوەبەرایەتییەکان بدەن. ئەمە دەرفەتێکی کاتی کار بۆ گەنجان دەڕەخسێنێت و کێشەی کەمی فەرمانبەرانیش چارەسەر دەکات.

٢. بۆ کێشەی نەبوونی کۆگا و دواکەوتنی خۆراک:
* بەزوترین کات داواکاری فەرمی پێشکەش بکرێت بۆ بەکارهێنانی کۆگای سایلۆی گەرمیان، بە تایبەتی ئەگەر بەشێوەیەکی مۆدێرن بۆ هەڵگرتنی خۆراک گونجاو بێت. خۆ ئەگەر کۆگای تایبەت بە بەڕێوبەرایەتییەکە دروست بکرێت، باشتر.
* لەلایەکی ترەوە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی ناوەند (بەغداد) بکرێت بۆ گۆڕینی گرێبەست و ڕێکارەکانی گەیاندنی خۆراک، بە جۆرێک ڕاستەوخۆ بگاتە گەرمیان نەک بەسەر سلێمانیدا تێپەڕێت.

٣. بۆ کێشەی خراپی کوالێتی خۆراک و ئارد:
* پشکنینی ورد و بەردەوام بۆ کوالێتی خۆراکەکان بکرێت، لە کاتی وەرگرتنیاندا و پێش دابەشکردنیان.
* لیژنەکانی چاودێریی تەندروستی، وەکچۆن پشکنین بۆ دوکان و شوێنکارەکان دەکەن، بۆ دوکانی بریکارەکانی دابەشکردنی بەشە خۆراکیش بیکەن.
* سیستەمێک دروست بکرێت بۆ ئەوەی بریکار و هاوڵاتیان بتوانن بەخێرایی و بە ئاسانی سکاڵا لەسەر کوالێتی خۆراک تۆمار بکەن (وەک ئەپلیکەیشنی مۆبایل یان پلاتفۆرمێکی ئۆنلاین) کە لەڕێگەیەوە زانیارییەکان ڕاستەوخۆ بگاتە بەرپرسانی باڵا بۆ ئەوەی بەخێرایی چارەسەر بکرێن.
* گۆڕینەوەی ئەو خۆراکانەی کوالێتییان خراپە، بە میزاجی نەمێنێت، بەڵکو میکانیزمێکی خێرا و کاریگەر دابنرێت و لەماوەیەکی کەمدا ئەو کارە بکرێت.

٤. بۆ کێشەی فەوتانی بەشە خۆراک:
* هەماهەنگی بەهێزتر لەگەڵ حکومەتی ناوەند بکرێت بۆ دابینکردنی بەشە خۆراکی تەواو و بەبێ کەموکوڕی.
* میکانیزمێک دابین بکرێت بۆ قەرەبووکردنەوەی هاوڵاتیان لە کاتی فەوتانی هەر بەشە خۆراکێکدا.

٥. بۆ کێشەکانی فۆرمی ئەلیکترۆنی:
* تیمێکی پسپۆڕ دابین بکرێت بۆ یارمەتیدانی هاوڵاتیان لە چارەسەرکردنی کێشەکانی فۆرمی ئەلیکترۆنی، بەتایبەتی بۆ حاڵەتە تایبەتەکان (وەک نەشتەرگەریی جوانکاری، نەخۆشی تایبەت و هاوسەرە جیابووەوەکان).
* بە زوویی فۆرمەکە کارا بکرێتەوە بۆ تۆمارکردنی مناڵان و ئەو کەسانەی کارتی نیشتمانییان نوێ کردووەتەوە.
* ڕێنمایی و ڕوونکردنەوەی زیاتر بدرێت بە هاوڵاتیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن، سەبارەت بە چۆنیەتی پڕکردنەوەی فۆرمەکە بۆ کەمکردنەوەی هەڵەکان.
* تیمی خزمەتگوزاری گەڕۆک پێکبهێنرێت کە سەردانی ئەو گوند و شوێنانە بکەن کە ئینتەرنێتیان لاوازە یان هاوڵاتییان توانای پڕکردنەوەی فۆرمەکەیان نییە. ئەم تیمە دەتوانێت لەڕێگەی ئامێری تایبەتەوە یارمەتی هاوڵاتیان بدات و فۆرمەکانیان بۆ پڕبکاتەوە.

٦. بۆ کێشەی نەگونجاوی دوکانەکانی دابەشکردنی خۆراک:
* چاودێری ورد و بەردەوام بکرێت بەسەر دوکانەکانی بریکارەکاندا بۆ دڵنیابون لە ڕەچاوکردنی مەرج و ڕێنماییە تەندروستی و هەڵگرتنەکان.
* لەبری تەنها سزادان، دەتوانرێت پرۆگرامێکی هاوکاریی بۆ بریکارەکان بکرێتەوە بۆ ئەوەی لە بانکە حکومییەکاندا قەرز وەربگرن و پارەکە بۆ باشکردنی شوێنەکانیان بەکار بهێنن.
* لەبری ئەوەی هەر بریکارە و دوکانێکی هەبێت، دەتوانرێت خاڵی دابەشکردن لەسەر ئاستی قەزا و ناحییەکان دروست بکرێت، بەشێوەیەک چەند بریکارێک بەیەکەوە لە یەک شوێندا کاربکەن، بەمەش تێچوی شوێن و کرێ کەمتر لەسەریان دەکەوێت و دەشتوانن هاوکاریی یەکتریی بکەن.

٧. بۆ کێشەی بە بنکە نەبونی خۆراکی دەربەندیخان:
بە زوترین کات کار بکرێت بۆ بە بنکەکردنی خۆراکی دەربەندیخان، لەڕێگەی هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان و دەسەڵاتی پێویست بە بنکەکە بدرێت.